www.kurdistannet.org
12/05/2002 13:12



# ڕێ و ڕەسمی بە خاک سپاردنی فیروز فەروخ

برایم فەرشی

بـەیانی رۆژی دووشـەممە ٢٠٠٢/٥/٦ گۆرستانی باشوری شاری کۆڵن, بوو بە جێی ژووانی سەدان کـەس لـە نەتـەوەکانی جـیا,جـیا, کـورد, یۆنـانی ,تـرک,فـارس,عـەرەب, ئاڵمانی,کوبایی,ئوروپی,ئافریقایی وئاسیایی!

هـەنگاوی ئینسـانەکان نـەرم وگـران, جـل وبەرگـیان رەش و دەم وچاویـان پڕ لە پرسیار بوو!؟ پرسیارێک کە هەر مرۆڤێک بۆجارێکیش بێ لە خۆی دەکا: « ژیان و مردن»!

لـە رۆژدا بـە ملـیۆن کـەس ژیـان دەست پێدەکەن و بە ملیۆن ژیان تەواودەکەن! شەڕ, برسیەتی, کارەساتی سروشتی, نوقم بوونی پاپۆڕ لە دەریاکان, کەوتنە خواری تەیارەکان لە ئاسمان, چەپ بـوونی ماشـێنەکان لە سەر عەرز و دەیان کارەساتی تر مەرگ دەهێنن بۆ ئینسان, مەرگێک کە بۆ زیـندووان کارەساتە و ژان و دەردی لە دووایە و ئەو پرسیارە کۆنەی مرۆڤایەتی دۆبارە دەکاتەوە کـە نهێنیەکانی مەرگ و ژیان چین؟؟ هەزاران ساڵە مرۆڤ بە شوێن ئەم نهێنیانەدا دەگەڕێ! بەڵام کـێ تاڵـە مـووی نـێوان مەرگ وژیانی دۆزیوەتەوە؟؟ ئەوانەی لە ماوەی کورتی ژیاندا بەم ڕاز و رەمزە گەیشتبن , لە ژیاندا سەرفەرازن و مردن درێژەی ژیانیانە!

ئـەوەی رۆژی دوو شـەممە سـەعات یـازدەی بـەیانی جـێی ژووانی چ کەسـێک بـوو پرسیارێکی دڵتەزێنە, لە بەر ئەوەی ئەو «ماڵی دڵی» جێ ژووانی کەسان بوو!

ئەو باخ و سەوزیخانەکەی جێگای ژووان بوو!

© Kurdistan Nêt

ئـەو داوێـنـی شاهۆ و دالاهۆ و بێستون و دەربەندی خان و جوودی و ئالپ و داوێنی سروشت جێ ژووانی بوو!

ماڵەکەی لە شەقامی بۆن لە شاری کۆڵن ماڵە دڵ بوو!

هەرچـەند ئەو باب و براو دۆست و کەس بوو, لە وانە زیاتر ئینسان بوو! بۆئینسان دەژییا و جێ ژووانی هەر ماڵێک بوو

چ لە گوندی عەنەب تەنیشت هەڵەبجە لە شارەزوور,

چ لە گوندی دۆرێ لە بارزان,

چ لــە خانوبەردیــنەکانی سەر بە شاری کۆیە کە لە بەرەبەیانێکی نەورۆزدا وێنەی هەزاران هەزار شەهیدی رۆژهەڵاتی وڵاتەکەی فیلم دەگرت,

چ ئەو کاتەی کەلە دیاربەکر لەشێکی زامداری لە کۆڵ دەگرت و

چ ئەو کاتە کە لە گوندەکانی یۆنان گۆرانی دەچڕێ و

چ ئەو کاتە کە لە شەقامەکانی ئاڵمان دەنگی هەڵدەبرێ و یان

دوادەمــەکانی ژیــانی کەلە شەقامەکانی کوبا چاوی لە چاوی ئینسانەکان دەبڕێ ئەو هەر دەم لە جــێ ژووان بــوو. بۆ ئەو دنیا گوندێکی بچکۆلانە بوو کە گەڕەکەکەی خۆی واتە کوردستان گەرەکی دڵ و ژیان و بیرو هۆشی بوو.

ئەمڕۆ خۆی تەلەفونی بۆکەس نەکردبوو, کەسی بانگ نەکردبوو,

نــە کـتریە ڕەشــەکەی بــە دەســتەوە بوو, نە سازەکەی, نە ئاڵای کوردستان, نە قەلەمەکەی! نە خۆپیشــاندانێک بــوو نە جەژن و سێرانێک, نە ڕۆژێکی بەتاڵ بوو! ئەمڕۆ لەو وڵاتە یەکەم ڕۆژی هەفــتەیە و ڕۆژی کار بەڵام نە خۆی ڕێگای دانشگای گرتبووە بەر نە ئەو مرۆڤانەی کە لێرن پێی ڕۆیشتنی چوونە سەر کاریان هەبوو! بێ گوومان ئەو ڕۆژەی ئەو لە شاری سونقور هاتە سەر دنیا کــەس نــەیدەزانی کــە ڕۆژێــک لــە ڕۆژان ئــەو لە دەرەوەی وڵات, دور لە خاک و زێد و نیشتمان ئەوهەموو خەڵکە لە خۆی کۆدەکاتەوە! خەڵکێک کە یەک لە سەدیان نازانن سونقور لە کوێی گۆی زەوی هەڵکەوتووە! مرۆڤ لە خۆی دەپرسێ ئەگەر ئەو بە سەربەستی لە وڵاتەکەی خۆی ژییابا و ئــاوا ڕۆژێــک هاتــبایە بــەر چــەند هــەزار, چــەند ســەد هــەزار, چــەند ملــیۆن کەس لە دەوری کۆدەبوونــەوە؟؟ ئــەو لــەو وڵاتە بێگانەیە کە ناودارەکانیان بە دەگمەن لە ڕۆژی وادا کەسیان لە دەور کــۆ دەبێــتەوە چــۆن توانــیویەتی ئەوهــەموو مرۆڤــە بــۆ لای خۆی ڕاکێشێ؟ پرسیارێک کە نهێنیەکانی ژیانی مرۆڤێک دەدرکێنێ.

خەڵک بێ دەنگ ڕاوەستاون تەنانەت منداڵی سەر لانک بێ دەنگن! موسیقایکی نەرم باڵ دەکێشێ بە ســەر خەڵــکەکەدا. دڵــی زۆر کــەس وەجــۆش دێ و مێشــکەکان گــەرم دادێــن و ئەسرین چاوەکان دەشــوواتەوە. بۆهەر کوردێک کە لە ناو ژان و دەرد و ئازاردا ژیابێ فرمێسک هەڵوەراندن ئاساییە بەڵام دیتنی چاوانی پڕ لە فرمێسکی سەدان ئاڵمانی بۆ مرۆڤێکی کورتە باڵای کوردی ئەجنەبی لە داســتانێکی خەیاڵــی دەچــێ کــە قەڵەمی کارڵ مای هێنابێتە سەر کاغەز! ئەمەش ئەو کاتە زیاتر دەرکەوت کە دەنگێکی ئاڵمانی بە وشەکان دەیویست بێژێ کە فیروزی فەروخ کێ بوو!

ئەوەی ئاشنای ئەدەبیات و فەلسەفەی ئەم وڵاتە بێ دەزانێ کە رۆژی دووشەممە ٢٠٠٢/٥/٦ رۆحێکی ئینسانی مرۆڤێکی پاک وخاوێنی کورد نووسەری ئاڵمانی هێنابوو سەر حاڵەتێک کە وەک فیروز خۆی بدوێ! ئەو باسی فیروز دەکا لە سونقور ئەوجا دەیگەیێنێتە ئاڵمان و پاشان ڕواڵەت و بیروفکرو هزر و پلەی بەرزی زانستی و ئینسانی ئەو دەدرکێنێ! پاشان فیروز و سروشت, فیروز وکورد, فیروز و ئینسان, فیروز و موسیقا, فیروز وماڵداری, فیروز و میوانداری, فیروز و خواردن چێ کردن, فیروز و قسە خۆشەکانی, فیروز و ژیان و فیروز و بیری باش, ئاکاری باش, وگفت و لفتی باش دەکاتە دەستەواژە و لە دواکەلامدا دەبێژێ فیروز لە ناو ئێمە دەرناچێ و لە گەڵ ئێمە دەمێنێتەوە هەتا بە یەک شاد دەبینەوە. ئەوکات بە وتەیکی جوان دەبێژێ ئێستاش وتە وتەی زمانی دایکی فیروزە. زمانی دایکی فیروز ئاوا دەست پێ دەکا:
لە شاری سونقور لە وڵاتی کوردستان عەرد هەژاو بوومە لەرزە عەرزی لە بەر یەک بڵاو کرد, لە هەمان کاتدا ئەسپێک لە وڵاتی ئاڵمان ڕاچەنی و سوارەکەی فڕێ دا. سوار فیروزی فەروخ دوکتورای زەوی ناسی منالی سونقور بوو....

دووا وتەی سەر گۆرستان وتەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بوو کە فیروز ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بوو. وتەکان لە زمانی کوردیەوە بە زمانی ئاڵمانی دەدرکان بەڵام وتەی دڵ بوون. هەموو وتەکانی ئاڵمانی لە لایەک و ئەم وتە کوردیە لە لایەک : لە جەم مە دەبێژن ئەی هاوار ئەو چ دەردە ئەو چ ژانە!
خەڵک هێدی هێدی لە هۆڵەکە دێنە دەر و دواکالیسکەی کە فیروز سواری دەبێ هەموو بە گوڵ داپۆشراوە! فیروز بە جل و بەرگە کوردیەوە کە هەر دەم لە شایی و جەژن و خۆپیشاندان و گەڕران و گەشت و گوزاردا لە بەری دەکرد لە ناو تابوتێکی چێویدا ڕاکشاوە و بزەی جارانی لە سەر لێوە! ئەم کالیسکەیە بەرەو ماڵی فیروز, بەرەو باخ و سەوزیخانەکەی و بەرەو دانشگا و شوێنەکانی تری ئەم جیهانە ناچێ, تەنانەت بەرەو کوردستانیش ڕێ باناداتەوە! ئەم کالیسکەیە تەرمێک بەرەو خاک دەبا! خاکێک کە فیروز لە هەموو کەس باشتر دەیناسێ! خاکێک کە فیروز هەموو تەمەنی لە گەڵیا زییاوە! بەڵام ئەم خاکە خاکی کوردستان, نیشتمانەکەی فیروز نیە! خاکێکە کە ئازار بە لەش و رۆحی فیروز دەگەیێنێ!

٢٠٠٢/٥/٦ زایینی ١٧ی گوڵانی ٢٧٠٢ی کوردی
ئاڵمان -کۆڵن

© Kurdistan Net